کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
20-6-2007 19:05بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## وەڵامێک بۆ خاتون مەهاباد قەرادغی و هێلین خان ... تاڤگە سابیر



زورن ئەو ژنانەی کە بە ڕواڵەت ژنن بەڵام بە کردەوە لەگەڵ پیاوان جیاوازیان نیە و دەس خۆشی و هاوبەشی ئەکەن لە پیاوان بۆ بەرد باران کردن و لوت و گوێ برین و بەردباران کردنی ژنان.
خاتو مەهاباد کە خۆی بە پارێزەری مافی ژنان ئەزانێ سەرکۆنەی من ئەکات بۆ ئەوە چەند دێڕ لە نوسینەکەم لە هی کەسێکی دیکە ئەچێ و بەو کارەی ئەیەوێ ڕێگە لەبەردەم تاوانبار کردنم دا بکاتەوە کە پیاوانی دەسەڵات پەلامارم بدەن.
سەیر لەوەدایە کە مەهابدا خان خۆی بە بەردەوامی نوسینی نوسەرانی دیکە کۆپی کردوە و چەندین جار لیێ لە قاو دراوە، بۆیە ئێستا خەریکە دەستە چەورەکانی بە من ئەسرێ، بۆ نمونە نوسینەکانی نوسینێکی " عەرەب" بەناوی (ناواد سەعداوی) " دزی بوو!! کە کاک سیروان حەسەن لە کوردستان نێت دا باسی کردوە و بابەتی لەسەر نوسیوە و ئێستاش لە ئارشیڤی ئەو سایتە دا ماوە. دیارە مەهاباد خان ماوەیەک بۆ ئەوەی دەسەڵاتدارنی کوردستان هەڵخەڵەتێنێ دەنگوی بڵاو ئەکردەوە کە ستێپێندیومی وەرگرتوە و لە لایەن ناوەندە سویدیەکانەوە خەڵات کراوە لە کاتێکدا تەنیا حەق دەستی کارەکەیان پێ دابوو و چەندین کەسی دیکە هەر هەمان پارەیان وەرگرتبوو و دواتر لەسەریان نوسی!!!!
پەندێکی پێشینان هەیە دەڵێت (هەتا ساحێب ماڵ دزی گرت دز ساحێب ماڵی گرت) .
هێلین لەگەڵ مەهاباد گوایە داکۆکی لە ژنانی کوردی زوڵم لێکراو دەکەن بەڵام زاتی ئەوە ناکەن کە باسی ئەوانە بکەن بە ناوی سەرکردایەتی کوردەوە هەڕەشە لە ژنی کورد دەکەن و هیچ هەڵوێستێکیان نیە، یان کاتێک کەمال کەرکوکی جێگری سەرۆکی پارلەمانی کوردستان وتی، با ژنان لە سنووری خۆیان دەرنەچن دەنا قاچیان ئەشکێنین جورئەتیان نەبو دەنگ هەڵبڕن و بڵێن بۆ؟ تەنانەت یەک دێرێشیان لەو بارەوە نەنوسی. لە ڕۆژی 2007/5/20 بەیان نامەیەک لە سەر من بڵاو کراوە لە سایتی دەنگی سەربەخۆ کە بەڕێوەبەرەکەی کاک هیشام ئاکرەییە، لەوێدا هەڕەشەی ئەوە دەکەن ئەگەر من دەمم دانەخەم وەک دوعا بەرد بارانم ئەکەن. کە چی نەک هەر مەهاباد و ئەوانی وەک ئەو بۆ نان ئەژین هەڵوێستان نەبوو، دەستیان کردوە بە کامپانیای تاوانبار کردنی من... دیارە من لێیان تێ دەگەم، ئاخر ئەگەر لەبەرانبەر پارتە باڵشکاوەکیاندا ڕاوەستن، ئەوە پارەی مانگانەکەیان ئەبڕن!!! سەیرە ئەو هەموو ژنە بوێرانەمان هەیە لە ناوەی کوردستان کەچی کوردستان بوو بە گۆرستانی ژنان!! ئەگەر ژنێک لە دژی ئەم حکومەتە هەتا سەر ئێسقان دژە مرۆڤ و دژە ژنە هەڵوێستی گرت ئەوە یەکسەر هانی کەسێکی پێنوس فرۆش ئەدرێت بۆ ئەوی دژی ڕاوەستێ و بە شتی ناڕەوا تاوانباری بکات.
ئەگەر وەکو هێلین خان ئامەژەی پێداوە کە خاتو مەهاباد لە هەموو شتێ ئەگاداریان دەکاتەوە ئی بۆ لەم هەڕەشانەی ئاگادار نەکردونەوە. لام سەیر نیە کە سەرتان خستوتە سەر من، ئەوەش کاری پارتەکهتانە، چونکە ئێوە پێنوسەکانتان کڕدراوە بۆیە بەلامەوە گرینگ نییە هەرچی بڵێن. مەهاباد قەرادەخی و هێلین خان بە ناوی پارێزگاری لە ژنان گەرەترین بێ حورمەتیمان پێ ئەکەن، ئەگەر

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

چاوێک بە نوسینە کۆنەکانی مەهاباد بخشێنینەوە ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە چون و چی مێتودێکی بە کار هێناوە بۆ پاراستنی مافە ڕەواکانی ژنانی کورد، کەچی ئێستاکە پاکانە بۆ دەسەڵات ئەکا و پەلاماری بێدەسەلات ترین ژن ئەدا. گوناحی دەنا ئەمگوت پیرۆزت بێ ئەو زەلیلیهت بۆ دەسەڵاتێکی گەندەڵ و ژن کوژ. من ڕێزم هەیە بۆت بەڵام تۆ دروشمی ئازادی بەرز دەکەیتەوە بۆ مافە ڕەواکانی ژن، بەڵام ژنی تریش بەرد باران دەکەیت، من و مللەتی کورد دەستمان لە تۆ بەردا ئەوکاتەی کە گەرایتەوە ژێر باڵە شکاوەکی دەسەڵات. تۆ ئێستا ئامرازێکی کە بە کارت دێنن، جا ئەوە ئەوانەن قەرار ئەدەن لە بەکار هێنانت دا کە زەلیلی خۆیان کردوی بە پارە و... بەداخەوەم کە لەو بەرزەفڕیەوە ئێستا ئەسیری دانیشتنی کورسی و دەسەڵاتی.

یەکێکی دیکە لە لاوازیەکانی تۆ ئەوەیە کە ئامادی هەموو شتێ بکەی بۆ ئەوە بەس خۆت دەرکەوی و چاوی دیتنی هیچ ژنێکی دیکەت نیە کە ئەیەوێ هەڵکشێ.

من لە ئەروپا و لەوپەڕی بێ ئیمکانیمدا پارێزگاری لە ژنان و کچانی قوربانی کورد ئەکەم و ئامادەم بەهاکەشی بدەم، کەچی مەهاباد خان لە ناو جەرگەی دەسەڵاتەوە ئەو هەموو تاوانە نابینێ و سەنگەریش لە ئێمەی هەژار ئەگرێ و ئەیەوێ بێدەنگمان کات و تاوانی تاوانباران دا ئەپۆشێ.

من حەزم لە شەڕە نوسین نیە و تەنیا ئامانجم خزمەت کردنی ڕاستیەکان و ڕیسوا کردنی پحوانی ژن کوژ و کۆمەڵگای پحواسالار و دەسەڵاتی گەندەڵە، کەوا بو با هەر کەس خۆی باش بناسێ وبەرد لە ماڵی خەڵک نەگرێ....

سوێد 2007

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.